ملکۆ ئەحمەد



هایکو

# سروودەکانی میزۆپۆتامیا

٢٠١٨

# سروودەکانی میزۆپۆتامیا

## هایکو

ملکۆ ئەحمەد

٢٠١٨

ناوی کتێب : سروودەکانی میزۆپۆتامیا
نووسەر : ملکۆ ئەحمەد
بابەت : هایکو
ساڵی چاپ : ٢٠١٨
ژمارەی لاپەڕە : ٦٥
تیراژ : ٥٠٠ دانە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : سەیوان محەمەد
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

## پێشەکی :

دەمێکە هایکوم ناسیوە، خەونیشم بەوەوە دەبینی، ئەدەبی کوردییش وەک ئەدەبی گەلانی تر باوەش بۆ هایکو بکاتەوە و، بیکاتە رەگەزێک یان تەرزێک لە تەرزەکانی خۆی، بە دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردیی، لە ٢٦ ی کانوونی یەکەمی ساڵی پار بەردی بناغەی جێگیرکردنی هایکومان دانا، گەشبینیشم بە دواڕۆژەکەی، ئەم ٦٢ دەقە لەم کۆمەڵەهایکوەدا، کە ناونیشانی (سروودەکانی میزۆپۆتامیا)ی هەڵگرتووە، یەکەم ئەزموونی منە کە تایبەت بێت بە هایکو، هەر دەقەکان خۆیان لە قۆناغێکی ئەزموونکارییدا هاتوونەتە ئەفراندن، بۆیە بێ کەموکورتیی نابێ، لەوانەشە دوای چەند ساڵێک ئەوەمان بۆ دەرکەوێ، کە هایکو رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی هەیە و جوانتر و وردتر دەنووسرێ.
هەرچەندە لەسەر شیعربوونی هایکو مقۆمقۆی زۆر هەیە، بەڵام من هەر وەک دەقۆکەیەکی شیعریی سەیری دەکەم و لە بازنەی شیعر وەدەری نانێم، ئەگەر وا نییە، ئەی بۆ گەورەترین شاعیرانی جیهان، گلاندوویانەتە ناو دیوانەشیعرەکانیانەوە، شیعر خۆی چەند فۆرمێکی جیاوازی هەیە، با هایکوش فۆرمێک بێت لەو فۆرمانە، یان با لقێکی ناسک بێت لە درەختی شیعر.

**ملکۆ ئەحمەد**
**بەهاری ٢٠١٨**

**تاسه‌مه‌ندی گریانی هه‌وره،**
**وه‌خته شه‌قبه‌ری بۆ ته‌ڕایی ـ**
**خاكی گه‌رمیان!**



تەزبیحی رەشی ئەبڵەق،
دەستی با دەیجوڵێنێ.
ریشۆڵەی سەر تەلی کارەبا



هه‌موو به‌ ڕووتیی،
دار، به‌رد، گوڵ،
هێشتا كراسه‌كانیان لای به‌هار نه‌هاتووه‌ته‌وه‌

ماڵئاواییه‌،
دواین هه‌وری خسته‌ گریانه‌.
ئه‌م زستانه‌ بێ دڵه‌

مەڵاقی وشکە،
دەمی کردووەتەوە بۆ چۆڕی ئاو .
دەمەشێر

**مردنی شه‌ره‌فمه‌ندانه‌،**
**به‌ده‌م سه‌ماوه‌ ده‌مرێ .**
**گه‌ڵا**

**سەرما پەلکێشی دەکات،**
**دەچێتە باخەڵی هەورەوە .**
**مانگ!**

**دەستی لەکوشتنی شەودایە،**
**هێشتا خەڵتانی خوێنە.**
**خۆری گزنگان!**

**زستان له‌ گیانکێشاندایه‌،**
**به‌هار داوای میرات ده‌کا ـ**
**فه‌رشێکی سه‌وز!**



جوانیی دەگاتە لوتکە،
کەواتە: تەمەن یەک وەرزە-
پەپوولە!

**دەمی گەیشتە شیلەی لەشت،**
**نەیتوانی بفڕێ.**
**تاتۆی پەپوولەیەک!**

دەستم بگرە،
نەبادا بکەومە ناختەوە .
گۆم ئامانی نییە !

سنجاخی یه‌خه‌ی ترازاند،
تك تك ژیان باری -
هه‌ور!

# سیمفۆنیای ئازار،
# گوێل گوێل، ئازار دەکاتە ناخمەوە-
# ژیان

سه‌د پێكی شه‌راب،
وه‌ك ماچی تۆ مه‌ستم ناكا،
ئیتر بۆ باوه‌شت نه‌كه‌مه‌ ماچخانه‌

**لەسەری ساڵدا: گەڵای ڕۆژژمێر،**
**ڕەنگی تەمەن دەپۆشێ،**
**ئەمەیە مردن!**



**ماڵئاوایی بۆ؟**
**له دوێنێدا بمێنه،**
**ئه‌ی ساڵی تازه‌م**

**لێره‌دا بۆسته‌!**
**بێباكانه‌ لێمه‌ده‌ ئه‌ی دڵ،**
**ته‌مه‌ن رۆی!**

خۆی بەتەنها،
ڕاوەی تاریکی دەکا ـ
چرای ڕێگا تازەکان!

**له‌گزنگدا،**
**به‌ختووکه‌ی باران خه‌به‌ری بوویه‌وه-**
**بنجی تۆڵه‌که**



**بۆ دارەڕای کەژاوەی زێڕینی،**
**دوو چوکڵی کردە هێلانە-**
**کوکوختی!**

**هەر دەوەنە،**
**سیروان دەیبا-**
**رۆژەکانی تەمەن!**




**هەورە بروسکە، قامچییەکەی بزر بووە،**
**کی بیخاتە گریان-**
**هەوری دڵڕەق!**

**له‌ترسی لووره‌ی با،**
**سوێسكه‌كان كریشكه ده‌كه‌ن**
**منداڵانی ئاواره!**



شیلەی دەمی هەنگ،
سنگی گوڵ تەڕدەکا-
وشکە ساڵیی نەما!

**گوێقوڵاخی که‌ڵه‌شێره،**
**بانگی ده‌رکه‌وتن بدا.**
**خۆر!**

چڵ بۆ چڵ،
بەدوایدا دەفڕن چاوەکانم .
بولبول!



**چاو داده‌گرن،**
**جریوه‌یاندێ .**
**گڵۆپه‌کانی شار!**

**زڕڕەی شووشە،**
**لە دەفرێکدا وەختە تێکدەشکێ.**
**شەختەی سەر گۆمێ!**

مۆر ته‌واوی کورسییه‌که‌ی ده‌خوات،
به‌دوای ده‌رمانی قه‌ڵاچۆدا ده‌گه‌ڕێ -
دیکتاتۆر!

**له‌ژێر لێفه‌ی تاریکییدا،**
**به‌ئه‌سته‌م هه‌ناسه‌ ده‌دات.**
**گزنگ!**



بۆڵێ ترێی بریسکه‌دار،
ده‌که‌ونه ناو ده‌می برسی مانگه‌وه-
گه‌له ئه‌ستێره!

هاڕەی تەشیلە،
چرۆ دەشکێنێ بەردی سجیلە-
تەرزە!

له‌نێوان تایکیی و روناکییدا،
سووتان ده‌بێته خه‌ڵاتی .
په‌پووله‌!

پشت له‌ تاریكیی،
نۆره‌بڕی سووتانه‌ ـ
پۆلێك په‌پووله‌!

ئاوازی هه‌ناسه‌ی،
نه‌غمه‌ی روناکیی ئه‌وه‌شێنێ .
شه‌ماڵ!



**دیاره بێ دەرماڵە،**
**سفرەی سپی بۆ چۆلەکە راخستووە.**
**بەفر!**



**پاسارییه‌کی چاوباشقاڵ،**
**رۆژنییه نه‌یه‌ته ناو مۆبایله‌که‌مه‌وه-**
**ژنێکی دڵته‌ڕ!**



**رووگه‌ی هه‌تاوه،**
**به‌رماڵی خاک .**
**گوڵه‌به‌ڕۆژه‌!**

خۆی بەڕۆژووە،
ئاوی دەستنوێژەکەشی دەداتە نەمامەکان.
پیرەدار!

ئاگر چاوی لە چیلکەیە،
ئەو ماڵی بووکێنی پێ دروستدەکا.
کوکوختی



هاتووه ببێته چیرۆكنووس،
له‌پاڵ هه‌ر به‌ردێ حیكایه‌تێك ده‌دزێ.
په‌پووله سلێمانی!

سه‌رما ده‌خزێته باوه‌شی،
دڵی بووه‌ته كووره‌ی ئاگر.
دڵشكاوێک!



**کەی هێندە پڕنەخشە؟**
**پەپوولە**
**ڕەنگەکانی خەیاڵی شیعر نەبن**

**زاخاوی دڵی شاعیره،**
**ده‌بێته ره‌نگی ماته‌می وشه-**
**شه‌وی تار!**

با نه‌یهێشت بگاته سه‌ر سنگی گوڵێ،
خۆی دایه پاڵ مه‌رحه‌مه‌ی دڕک .
په‌پووله!

**لە ترسی فیتنەکاراندا،**
**ماچێکی چرپاندە ناخی گوڵا ـ**
**پەپوولە!**

شاڵی پەلکەزێڕینە،
لەسەر شانی دیوار.
نازناز!

**وەک مین،**
**هەنگاو دەنێم پێما دەتەقنەوە-**
**شەونمەکان!**

**دارتوو ژان دەیگرێ،**
**گەڵای چاوبز ـ**
**بەهار لە ڕێیە!**

بەهاری بێ ئاخێزە،

پاییزێک دێتە میوانی .

تــەمــەن

پەپوولەکان خلیسکانێی سەر بەفر دەکەن،
لێخشاندنی باڵ ئاگرە -
تاتــــۆ!



**له‌ تاسه‌ی ئه‌ودا،**
**بۆنی هێلانه‌ دێرینه‌كه‌ی ده‌كا.**
**كوكوختییه‌كی بێوه‌ژان!**

**ماچ ده‌هۆڵی شه‌ڕه،**
**له‌ئامێزگرتن سه‌مای مردن .**
**رۆژی خۆشه‌ویستی!**

واز له سووری دلیقی ناهێنێ ،
هه‌موو رۆژێکی ئه‌وینه ـ
لێوه‌کانی



**دوو ئه‌برۆت،**
**هیلالی جه‌ژنن .**
**با به‌ ماچێک  ڕۆژوو بشکێنین!**

**بووه‌ته شاڵێكی سپی،**
**با له‌سه‌ر شانی ده‌یبا، هه‌ر دێته‌وه‌**
**كلوی به‌فر!**

كه‌نیشكێكی شه‌رمن؛
به‌ئه‌سته‌م چاو هه‌ڵئه‌هێنێ .
خۆری گزنگان!

**داسی درووێنە؛**
**ئەستێرە دەدوورێتەوە-**
**مانگی یەکشەوە!**

**دەسماڵێکی رەش؛**
**کەوتە سەر روومەتی مانگ.**
**هەوری بەهار!**



**له‌ به‌رامه‌ی ئه‌لبوومی وێنه‌كانه‌وه‌؛**
**ده‌زانم تۆ باشی،**
**به‌ڵام بێ منی!**

خۆشه‌ویستی جه‌نگێکی سارده؛
دڵ گۆڕه‌پانێتی،
قوربانیه‌کانی ماچی وێڵن

”

هاتووە ببێتە چیرۆکنووس،

لەپاڵ هەربەردێ حیکایەتێک دەدزێ -

پەپوولە سلێمانی!

“

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی